# سیاسەتی ژینگەیی لە چوار چێوەی بەرنامەو کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان / کۆماری عێراقی فیدراڵ ( توێژینەوەیەکی شیکارییە )

د.لقمان صالح کریم
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کاری کۆمەڵایەتی

**پێشەکی :**

لە جیهانی ئەمڕۆدا کێشەو پرسە ژینگەییەکان جێگەی گرنگی تایبەتی خۆیانن ،کە هیچیان کەمتر نییە لە کێشە جیهانیەکانی تری وەك : بلاو بوونەوەی تڕۆر ، جەنگ، مادده هۆشبەرەکان ، بەو هۆیەشەوە لە سەر ئاستی جیهانی و هەر لە ساڵەکانی حەفتای سەدەی بیستەم تا کو ساڵی " ٢٠١٥ " کە کۆنگرەی لوتکەی پاریس لە فەرەنسا ساز درا بۆ پرسە ژینگەییەکان ، بەردەوام گرنگی و بایەخی پرسە ژینگەییەکان لە هەڵکشاندایە ، بە تایبەت لەو دەوڵەتانەی کە زیاتر لە قۆناغی پێشکەوتندان و باس و خواسی خۆشنودی کۆمەڵایەتی و کواڵتی ژینگەیی تێیدا دەکرێت .

دیارە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش کێشە ژینگەییەکان لە زیادبوون و گەورە بووندان ، هەڵبەتە بەشێك لەو کێشانە کێشەی جیهانین : وەك کێشەی گەرمبوونی جیهان ،گۆڕانی کەش و هەواو زیادبوونی دیاردەی بە بیابان بوون ، بەڵام بەشێکی دی سەرچاوەی کێشە ژینگەییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بارو دۆخی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی نێوخۆو چالاك نەکردنی سیاسەتی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان ، ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی هۆکارە نێوخۆییە پەیوەستەکان بە حوکمەتەوە بخاتە بەر باس و توێژینەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە بەشی یەکەمدا باس لە کێشەو گرنگی و ئامانج و میتۆد و ئامرزی توێژینەوەکە دەکەین ، لە بەشی دووەمدا سەربوردێکی مێژوویی پیس و بوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی پیس بوونی دەخەینە روو ، هاوکات لە بەشی سێیەمدا دەچینە ناو بابەتی سیاسەتی ژینگەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەمبەر پرسە ژینگەییەکان و شیکارو هەڵسەنگاندێك بۆ ئەم بابەتە دەکەین ، لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو راسپاردەو پێشنیارانە دەخەینە روو کە بە پیادەکردنیان کواڵتی ژینگەی هەرێمی کوردستان بەرەو ئاستێکی باشتر دەبەن .

**بەشی یـەکەم : توخمە بنچینەییەکانی توێژینەوەکە :**

توخمە بنچینەییەکانی توێژینەوەی زانستی بە کۆڵەکەی بنچینەیی هەر توێژینەوەیەك دێنە ئەژمار، کە تاییدا ئەم توخمانە دەبنە تەوەری بنچینەیی توێژینەوەکە ، کە ئەوانیش بریتین لە :-

**١. کێشەی توێژینەوەکە :**

دەکرێ بڵێین ژینگە واتە شوێنی ژیانکردن و توخمە پێکهێنەرەکانی لە ئاو و هەواو خاك و زیندەوەران، لێرەشەوە ژینگە دەبێتە ئەو چوارچێوەگشتگیرەی کە مرۆڤ وگیاندارانی تر تیایدا دەژین ، چالاکییەکانی خۆیانیانی لە سەر ئەنجام دەدەن ((الشیری ،٢٠١٠ : ص١٠) ، کەواتە هەر جوڵەو بزاوتێکی مرۆڤ مەحاڵە لە دەرەوەی ئەم چوار چێوەیە بەرجەستە بێت ، بەم هۆیەشەوە ژینگە دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بونیاد نانی هەر شارستانیەتێك ، هاوکات پاراستی ئەم سەرچاوانە "ئاو،هەوا،خاك، زیندە هەمەچەشنی " لە پیس بوون و لەناوچوون بەرپرسیاریەتێکی گەورە دەخاتە سەر شانی تاك و خێزان و کۆمەڵگە لە لایەك و حکومەت و دام و دەزگا پەیوەند دارەکانی لە لایەکی دی ، هەڵبەتە بەرسیارتێتی حکومەت خۆی لە شێوازی داڕشتنی یاسا پێوەندیدارەکان بە ژینگەو سیاسەتی ژینگەییدا دەبینێتەوە ، لەم سۆنگەیەوەو دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چارەکە سەدەیەك لە ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان ، کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارەدا دەخەینە روو :-

ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی سیاسەتێکی ژینگەیی گونجاو پەیڕەو بکات بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو هەموو وێرانکارییە ژینگەییانەی هەرێمی کوردستان ، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا و دواتریش لە مەودای حوکمڕانی خۆیدا دوچاری بۆتەوە لە رووی ئاوو هەواو خاك و زیندەهەمەچەشنییەوە ؟

**٢. گرنگی توێژینەوەکە :**

لە ماوەی "٣٠ " ساڵی رابردودا کێشەی ژینگە ، وێڕای ئەوەی کێشەیەکی لۆکاڵی بووە ، ئاواش کێشەیەکی جیهانی بووە ، چەندە مۆراڵی و کۆمەڵایەتی بووە ئەوەندەش سیاسی ، دەکرێ بڵێین بەدرێژایی حوکمڕانی رژێمی بەعس کاری کردووە لە سەر وێرانکردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، لە رووی تیۆریەوە ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی زیندو چارەنوس ساز دەخاتە بەر باس و توێژینەوە ، کە پەیوەستە بە ژیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگە ، هاوکات لە رووی مەیدانیشەوە گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە دەزگا پێوەند دارەکان دەتوانن کەم تا زۆر سود لە راسپاردەو پێشنیارەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری پیس بوونی ژینگە لە سەر دانشتوانی هەرێمی کوردستان .

**٣. ئامانجی توێژینەوەکە :**

١. خستنە رووی گرنگترین سەرچاوەو هۆکارەکانی پیس بوونی ژینگە لە رووی " ئاو ، هەوا ، خاك "

٢. خستنە رووی گرنگترین ئەو هۆکارانەی کەوایان کردووە سیاسەتی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا وەکو پێوست پیادە نەکرێت.

**٤.میتۆدی توێژینەوەکە :**

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە ،میتۆدی وەصفی بەکارهێنراوە ،پشت بە شێوازی شیکاری ناوەڕۆك " Content Analysis " بەستراوە ،هاوکات بۆ دۆزینەوەی ریشە مێژووییەکانی پیسبوونی ژینگە لە هەرێمی کوردستان سود لە میتۆدی مێژوویی وەرگیراوە .

**٥.ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە سود لە هەریەکە لە ئامرازەکانی " تێبینیکردن و چاوپێکەوتن " وەرگیراوە ، کە توێژەر خۆی تێبینی "تێبینی رێکخراو " ی رەوشی ژینگەیی هەرێمی کوردستانی کردووە ، هاوکات لەو شوێنانەی کە پێویست بووە ، سود لە ئامرازی چاوپێکەوتن " چاوپێکەوتنی کراوە " وەرگیراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری .

**بەشی دووەم : هەرێمی کوردستان و پیس بوونی ژینگە**

دەتوانین بڵێین کە لە رووی مێژووییەوە تاکی کورد لە سازانێکی بەردەوامدا بووە لە گەڵ ژینگە سروشتییەکەی ، خەیاڵی سروشتیانەی کورد توانیویەتی لە شوڵی دار بی و قامیش و زەل ،دەفرو نانە شانەو قوڵینەو قەرتاڵەو سەبەتەو تەیمان و لانك و لەیلوانی مندالان دروست بکات، لە پەلی درەختی چەند لادا دەستی درێژکراوەی خۆی بینیوەو شەن و دولکی دروست کروە، بە هۆیانەوە لە هاویندا کای بە با داوەو لە زستاندا گەڵای لە درەختان هێناوەتە خوارەوە تا بیکاتە بەر ئاژەڵان، بەم جۆرە پەیوەندی ئێمە بە سروشتەوە بە فەزاوە بە ئاژەڵەوە بە خاك ئاو وەرزەکانەوە پەیوەندیەکی ئەوەندە سروشتیانە بوو، کەبزانرێ کلتوری ئێمە درێژکراوە سروشتی دەورو بەری ئێمەیە، کەپرو ماڵ و فەزای ژیان، خواردن و جوڵەمان گشتیان بە گونجان لە گەڵ سروشتدا مەیسەر بوون ( سیوەیلی ،٢٠١١ :ل١٨–١٩).

جێگەی سەرنجە تاکی کورد سەرەتا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی رووی دەکردە ژینگە سروشتییەکان ، تەنانەت لە دامەزراندنی شارەکانیشدا بەشێوەیەکی بەرچاو پشتی بە سەرچاوە سروشتییەکان دەبەست ، رۆژهەلاتناسی ئینگلیز " ریچ" لە تێپەرینی بە ناو شاری سلێمانیدا باس لەوە دەکات " لە سەرچنار ئاو لە هەموو لایەکی زەوییەوە هەڵدەقولا ، لە هەر جێگایەك خاکت لا ببردایە ، ئاو دەردەچوو ، بنی چەمەکەش پڕ بوو لە کوزەڵە " جۆرێکە لە سەوزە " و ئاوی چەمەکەش ماسیەکی زۆری هەمەجۆری تێدا بوو ، دەوروبەری سەرچنار هەموی دارٍ بەڕوو بوون، بەڵام لە دروستکردنی سلێمانیدا هەمویان بڕدرا بۆ دروستکردنی خانوو" ( ریچ،٢٠١٢: ل٩٣) . لە کوردستانی رۆژهەڵاتیش مستەر ریچ دەڵێت ئیستا واتە ساڵی " ١٨٢٠"، " بەو هۆیە کە خەڵك بەهەدەر داری زۆر لە شاخەکانی لای "سنە " دەبڕن ، دار زۆر کەم بوەوبەرەبەرەش کەمتر دەبێتەوە ، وەك لە هەواڵدەرەکەمەوە زانیم ، ئەو شوێنانەش کە پێشتر داریان لێ دەبڕین ، نەك هەر داریان تێدا نەماوە ، بەڵکو لقی بچوکیشیان تیا نەماوە ، کابرایەکی تریش لە کرماشان ، خەریکی دارشتنی قالبی نەخش و دراوە ، ئەویش دەورێکی زۆری لە وێران کردنی دارستان و چنارو سورە چناردا هەیە ، دیارە ئەمە زیانێکی زۆر لە دارستان دەدات ، چونکە ئەمان لق و پۆپ و دەوەنیش دەبڕنٍ" ( ریچ،٢٠١٢: ل١٢٥) ، گەر لێکدانەوە بۆ ئەم وتانەی ریچ بکەین، دەبینین ئێمە بە دوو سەدە دوای ئەم وتانە هێشتا لە گرنگی دارستانەکان بۆ ژینگە وەکو پێویست تێنەگەیشتوین .

دیارە زۆر بوونی دانیشتوان و دامەزراندنی شارەکان و زیاد بوونی بەردەوامی پێداویستییەکانی ژیان ، هەموویان قورسایی خۆیان دەخەنە سەر ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤەکان گوزەرانی تێدا دەکەن ، گەرچی ئەم کاریگەریەش لە سەرەتاداو لە سەر ژینگە زۆر نەبووە بە بەراورد بەئیستا ، بە هۆی دواکەوتویی ئەم کۆمەڵگایانەو نەبوونی تەکنەلۆژیای پێویست ، بەڵام ئەوەی کە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی هەبوو لە وێرانکردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، بە پلەی یەکەم هۆکاری سیاسی و سەردەمی دەسەڵاتی بەعس و دواترییش بەرەو پێش چوونی هەرەمەکی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان لە سەردەمی حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا .

دیارە کە رژێمی بەعس وەك دوژمنێکی کورد هەمیشەو ئەوەندەی پێی کرابێت لە هەوڵی وێرانکردنی ژینگەی کوردستان و لە ناو بردنی گەلەکەیدا بووە ، ئەنجامی توێژینەوەی ( کریم ،٢٠١٤:ص١٢٢) دەری دەخات کە سەرەتاکانی پیس بوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان لە رووی ئاوو هەواو خاکەوە ، دەگەرێتەوە بۆ ساڵی "١٩٧٥ " کە لە ئەنجامی رێککەوتن نامەی جەزایر ژمارەیەکی بەرچاوی گوندە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان دوچاری راگواستنی زۆرە ملێ بوونەوە و لە ئەنجامدا خانوی گوندنشینەکان روخێنران و کانی و کارێزەکان تەقێنرانەوە، تەنانەت توێکڵی دار گوێزەکانیشیان دادەتاشی بۆ ئەوەی وشك ببن ، لە قۆناغەکانی دواتر لە ئەنجامی هەڵایسانی جەنگی "٨" ساڵەی " عێراق- ئێران " لە ساڵی "١٩٨١- ١٩٨٨ " دا بەشێکی بەرچاوی ئاگری ئەم جەنگە سنورو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە ، کار گەیشتە بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی لە بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش لە پارێزگای هەڵەبجە ، هاوکات لە ئاستی ناوخۆش حکومەتی بەعس درێغی نەکردووە لە وێران کردنی گوندەکانی تری هەرێمی کوردستان و وشك کردنی کانی و کارێزەکانی لە پرۆسەکانی ئەنفالدا ، دەبینین لە کۆتاییەکانی ساڵانی هەشتادا بەدەگمەن لە هەرێمی کوردستاندا گوندێك مابوو، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئیستاتیکای بەعس توانای بینینی ژینگەی نەبوو وەك دیمەن ، بەڵکو ژینگە ، دارو درەخت ، ئەشکەوتەکان ، روبارەکان ، ئاژەڵ و باڵندەکانیش وەك هۆکاری بەرگری مرۆڤی ئێمە تەماشا دەکرد و بەنهێنی مانەوەی پێشمەرگە لێکی دەدایەوە ، بۆیە بەعسییەکان پرۆژەیەکی بەردەوامیان لە کوردستاندا هەبوو بۆ بچوکردنەوەی پانتایی ژینگەیی و بەرتەسکردنەوەی دۆخی سروشتیانەی ژینگە (سیوەیلی،٢٠٠٨ :ل٣٩٣)، لێرەدا جێگەی خۆیەتی باس لە وتەیەکی فەیلەسوفی وجودی " سارتەر " بکەین کە پێی وایە وێرانکاری سیماتێکی جەوهەری مرۆڤە ، ئەوە تەنها مرۆڤە لە نێو هەمو گیاندەرەکاندا کە چێژ لە وێرانکاری دەبینێت ( إبراهیم،١٩٦٧: ص٤٥ ) .

شایەنی باسە گەر لە قۆناغی یەکەمدا وێرانکاری ژینگەی هەرێمی کوردستان دەستی سیاسی دووژمنەکانی لە پشت بێت ، ئەوا لە قۆناغی دووەمدا و لە دوای راپەڕینی ساڵی "١٩٩١" ئۆباڵی ئەم پیس بوون و وێرانکارییە دەکەوێتە ئەستۆی کورد خۆی " لەسەر هەردوو ئاستی دەسەڵات و تاك " ، ئەگەر بەعس گوندەکانی وێرانکرد و سوتاندیان حکومەتی هەرێمیش وەکو پێویست گرنگی نەدا بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان(سیوەیلی،٢٠٠٨ : ل ٣٩٦).

گەرچی سەرەتاو لە دوای راپەڕین گوندەکان تا رادەیەك ئاوەدان کرانەوە و خەڵکی گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان بە تایبەت دوای گەمارۆی ئابووری سەر عێراق و هەرێمی کوردستان ، بەڵام دوای روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی" ٢٠٠٤ " دا ئەم جارە کۆچێکی خۆویستی لە لادێوە بۆ شار دەستی پێکرد، لە گەڵیشیدا نەبوونی بنەمای یاسایی بۆ سزادان و لێپێچینەوەی کارا لەو کارگەو کۆمپانیایانەی کە ژینگە پیس دەکەن، بە تایبەت

پەرەسەندنی ئابووری نەوت لە هەرێمی کوردستان ، هەروەها دروستبوونی گۆڕانکاری دیمۆگراف و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە لە کوردستانی دوای راپەریندا هاتونەتە کایەوە ، هەموو ئەمانە فاکتەری گرنگ و کاریگەر بوون لە هەمبەر پیس بوونی ژینگەی هەرێمی کورستانی عێراق (قانیع،٢٠١٢: ل ٣٤).

سەرەڕای ئەو هۆکارانەی کە لە سەروە ئاماژەی پێدرا ، نەبوونی پلان دانان بۆ شارەکان،بووە هۆی زیاد بوونی بینا سازی لە سەر ناوچەی ئازادی شارەکە بە تایبەت ناوچە کشت و کاڵییەکان، ئیتر تا دەهات زیاترو زیاتر ،قەرەبالغی بووە هۆی فشاری ژینگەیی و شێواندنی مەترسیداری دیمەنەکە، بەرئەنجامەکانیشی لە سەر ئاوی خواردنەوەی شارەکان رەنگی دایەوە، کە لە ساڵی "٢٠٠٦ " دا لە لایەن جیۆلیستەکانی سێنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی تەکنەلۆجی و زانستی کوردستانەوە پشکنینی بۆ کرا ، دەری خست کە رێژەی " ٩٠٪" ی ئاوی ژێرزەوی شارەکە " سلێمانی " پیس بووە (فیشەر–تاهیر ،٢٠١١: ص ٣٩) ، ئەمە لە کاتێکدا فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی ئەم داتایە رەت دەکاتەوەو بێ ئاگایی خۆی لە بارەوە دەردەبڕێت (قادر ، ٢٠١٦/٢/٢٤: چاوپێکەوتن ) ، هەروەها هەرێمی کوردستان بە حوکمی پێگەی جوگرافی نزیکی لە بیابانەکانی رۆژهەڵاتی عەرەبی بە جۆرێك" ١٠٪ "ی خاکی رۆژهەڵاتی عەرەبی دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی بە بیبان بوونەوە (بابکر،٢٠٠٤:ص٤) ئەوا بەم هۆیەشەوە خاکی هەرێمی کوردستان و ئاسمانەکەی دەکەونە ژێر کاریگەری خۆڵ بارین و بە بیابان بوونەوە بە تایبەت لە وەرزی هاویندا‌و بە دوور نازانرێت ماددەی تیشکاوەر لە گەڵ خۆڵبارینداا بهێنێتە ناو هەرێمی کوردستانەوەو تاکو ئێستا توێژینەوە لەو بارەیەوە نەکراوە کە ئەگەر خۆڵبارین ماددەی تیشکاوەری تێدا بێت چ جۆرە کاریگەرییەك دروست دەکات لە سەر هەواو و سروشتی خاك و ئاوی خواردنەوەی سەرزەوی بە تایبەت رووبارو دەریاچەکان و تا چەند ئەگەر بڵاو بوونەوەی نەخۆشی مەترسیداری لێدەکرێت .

کۆی ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا دەریدەخەن کە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم پیس بوونی هەوای هەیەو ، و بە پلەی دووەم پیس بوونی خاك بە پاشەڕۆ لە پلەی سێیەمیشدا پیس بوونی خاکە بە پاشەڕۆکان (کریم ٢٠١٤:ص١٢٢) . دیارە ئەمەش بێ بوونی کاریگەری نێگەتیڤ بەسەر ژینگەو دانشتوانی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕنابێت ، جێگەی سەرنجە پرسە ژینگەییەکان لە پرسی تیرۆر گرنگترە، چونکە ترۆر دەشێت لە سنورو کاتێکی دیاریکراودا کۆنترۆڵ بکرێت ، بەڵام کێشە ژینگەییەکان لە جوگرافیادا بێ سنورو لە کاریگەریدا دوور مەودان ، گەر بێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانسازیەکی تۆکمە پیادە نەکات، ئەوا کێشە ژینگەییەکان دەبنە قەیران و چارەسەریشی لە ئایندەیەکی نزیکدا بە دوور دەزانرێت .

**بەشی سێیەم : سیاسەتی ژینگەیی و ئامانج و ئامرازەکانی**

**١. سیاسەتی ژینگەیی :**

سیاسەتی ژینگەیی بە واتایی توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی سستمی سیاسی لەبەر رۆشنایی جیهانبینی ژینگەیی و بەهاژینگەییەکاندا (حبیب،٢٠١١ :ص٤٥٦). بەڕای Mc Cormick(٢٠٠١) سیاسەتی ژینگەیی ئاماژەیە بۆ بەڵێن و پەیمانی رێکخراوەیەك وەك " حکومەت " بەرامبەر یاسا ، رێنماییەکان و هەموو ئەو ئالیەتانەی کە بایەخ دەدا بە تەواوی پرسە ژینگەییەکان ، سیاسەتی ژینگەیی دەکرێت راستەو خۆو بە وردی پەیڕەو بکرێت بۆ چاودێری کردنی چالاکییە مرۆییەکان ، تاوەکو ژینگەی سروشتی و دەرامەت و سەرچاوە سروشتییەکان لە کاریگەری زیانبەخشی چالاکییە مرۆییەکان بپارێزرێت ،هاوکات دڵنیاییش بدرێت کە گۆڕان لە ژینگەدا بەجۆرێك دەکرێت کە کەمترین زیانی لە سەر ژینگەو پێکهێنەرەکانی مرۆڤ و زیندە هەمەچەشنەکان هەبێت ( j ,٢٠٠١: p ٢١ ) لێرەوە ئەرکی سەرەکی سیاسەتی ژینگەیی بریتی دەبێت لە دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان سەرچاوەکانی ژینگەو پێداویستییەکانی دانشتووان ،لە نێوان یاساکانی وەبەرهێنان و یاساکانی پاراستنی ژینگەدا ، بەم جۆرەش دەتوانین بڵێین سیاسەتی ژینگەیی ، لەلایەك سیاسەتێکی ستراتیژی دوور مەودای پشت ئەستوورە بە کواڵتی ژینگەو توخمە پێکهێنەرەکانی ،لە لایەکی دیش گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانە دەگرێتەوە کە حکومەت بە مەبەستی پاراستنی ژینگە لە شێوان و پیس بوون دەیگرێتە بەر ( خامرە،٢٠٠٧ : ص ٦٣) .

هەڵبەتە گرتنە بەری ئەو رێشوێنانە زیاتر خۆی لە "دیاریکردن ، قەدەغەکردن، پێشگیریکردن " دا دەبینێتەوە ،دیاریکردن بەواتای دیاری کردنی ئاست و قەبارەی پیس بوونی ژینگە، بۆ نموونە: ئاستی رێگە پێدراوی پیس بوونی هەوا ، قەدەغەکردن بە واتای رێگەنەدان و لێپێچینەوەی یاسایی لە ژینگە پیس کەرەکان ، چ لە سەر ئاستی هاوڵاتی، یاخود کۆمپانیاو کارگەو لایەنە پێوەند دارەکاندابێت ( بوجعدار ،٢٠٠٩: ص ١٧٦ ) ، لێرەوە دەتوانین بڵێین سیاسەتی ژینگەیی بە واتا پێشگیری لە روودانی پیس بوونی ژینگەو رێگیری لە ژینگە پیس کەرەکان و پشتگیری تەکنەلۆژیای خاوێن ، واتە سیاسەتی ژینگەیی لە سەر پەیوەندی مرۆڤ بە سەرچاوەکانی ژیانی خۆیی و ئەو ئەرکانەوە دادەمەزرێت کە مرۆڤ لە ئاست سروشت و گیانداران و بوونەوەرەکانی تردا کەوتۆتە سەرشانی و بە پشتگوێخستنیان سەرچاوەی ژیانی خۆی کوێر دەکاتەوە (سیوەیلی،٢٠٠٨ :ص٣٩٤) ، ئەمە بەو واتایە دێت کە مرۆڤ ناتوانێت ژینگە لە ناو بەرێت بێ ئەوەی خۆی لەناو بچێت ، هەر لەم روانگەیەشەوە سیاسەتی ژینگەی نێونەتەوەیی کار لە سەر پێشگیری کردنی زیاد بوونی گازە ژەهرەوییانەکانی گۆی زەوی دەکات ، بۆ ئەم مەبەستە چەندین لوتکەی وڵاتانی جیهان بەستراوە ، کەواتە سیاسەتی ژینگەیی سیاسەتێکی دامەزراوەیی دوورمەودای ئایندە سازە و وادەبینێتت کە زەمین بە گشتی موڵکی هەمووانە ، نەك هەر لە ئێستادا بەڵکو لە نێوان مردوەکان و ئێستاو نەوەکانی ئایندەشدا ، هەر پیادەکردنێکی ئەم سیاسەتەش ژیانێکی شایستە بۆ نەوەکانی ئایندە مسۆگەر دەکات، بەم هۆیەشەوە سیاسەتی ژینگەیی دەبێتە پنت و سەنتەری هەر پرۆژەیەکی ئابووری کە تەنها چاو نەبڕێتە قازانج و داهاتی ئابووری، بەڵکو زیاتر کار لە سەر ئەوە دەکات کە تا چەند پرۆژە ئابووری و گەشتیاریەکان لە دواجاردا بە زیانی ژپینگەیی دەشکێنەوە ، لە سەر ئاستی فەراهەم هێنانی ژیانێکی شایستە بۆ ئێستاو بۆ نەوەکانی داهاتووش ، هەر ئەمەشە وا دەکات حکومەت بتوانێت بە بەرچاو روونیەوە کۆی چالاکی و پرۆژەکان بخاتە ژێر چاودێری هەڵسەنگاندنەوە .

جێگەی سەرنجە بڕگەی "٤" ی ماددەی "٢" ی یاسای ژمارە "٨" ی ساڵی "٢٠٠٨ " جەخت لەم خاڵە بنچینەییە دەکاتەوە و دەڵێت پێویستە " سیاسەتی ژینگە بکرێتە بەشێکی دانەبڕاو لە پلانی گشت گیری گەشەپێدان لە هەموو بوارەکانی مرۆیی و پیشەسازی و کشت و کاڵی و ئاوەندانکاری و گشت و گوزاری و شتی دیکە " .

**٢. ئامانجەکانی سیاسەتی ژینگەیی :**

سیاسەتی ژینگەیی بەو میکانیزمانەی کە لەبەردەستیدان کار دەکات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە ژینگەییەکان ، بە گەیشتن بەو ئامانجانە گەرەنتی فەراهەمهێنانی کواڵتی ژینگەیی و خۆشنودی کۆمەلآیەتی " الرفاه الآجتماعی " زیاتر دەستەبەر دەکات، گەر سەرنج لە دەستوری هەر یەك لە ولآتەکانی ئێرلەنداو ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو ئیسپانیاو بریتانیاو ولآتانی تری خۆر ئاوا بدەین ، دەبین دابینکردنی ژینگەیەکی خاوێن ، وەك مافێکی دەستووری هاولآتی دێتە ئەژمار( قانیع،٢٠١٢:ل٦) ، لە حکومەتی عێراقی فیدڕاڵیش بڕگەی "١" لە ماددەی "٣٣" ی دەستوری عێراقی و باس لە بوونی ئەو مافە دەستوریە دەکەن لە ژینگەیەکی خاوێنداو لە بڕگەی "٢"میشدا دەوڵەت ئەرکی پاراستنی ژینگەیی و هەمەچەشتی زیندەیی دەگرێتە خۆ ، هاوکات لە یاسای ژمارە " ٨ " ی ساڵی "٢٠٠٨ " بڕگەی "١ " لە ماددەی "٣" حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لەو گرنگییە دەکات کە " هەمو مرۆڤێك ماڤ ئەوەی هەیە لە ژینگەیەکی هێمن و پاکدا بژی و ئەرکی هەموو کەسێکیشە کار لە پێناو پاراستنی ژینگەو پاکڕاگرتنیدا بکات" .

لێرەوە دەگەینە ئەو خاڵە هاوبەشەی کە لە سەر ئاستی جیهانی و لۆکاڵیش بوونی ژینگەیەکی خاوێن ، وەك مافێکی سەرەتایی یاسایی و دەستووری هاولآتی دێنە ئەژمار ، بەلآم ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چۆن گەرەنتی ژینگەیەکی خاوێن بدرێت ، بۆ مسۆگەر ئەم ژینگە خاوێنە سیاسەتی ژینگەیی کار لە سەر هاوسەنگی ژینگەیی دەکات و وەك ئامانجێکی بنچینەیی لێی دەڕوانێت ، سیاسەتی ژینگەیی بە واتای هەوڵدان بۆ پارێزگاری و ڕاگرتنی هاوسەنگی توخمە پێکهێنەرەکانی ژینگەو تایبەتمەندیە فیزیایی و کیمیاوییەکان " ئیکۆسستم " بە جۆرێك کە گرەنتی ژیانێکی سەلامەت لەسەری بکرێت ، واتە پێکەوە بەستنەوەی کەرتە جیازەکانی ئابووری و سیاسی و خزمەتگوزاری و پیشەسازی و تەندروستی لە بەر ڕۆشنایی ئاستی کاریگەرییان لە سەر ژینگەو توخمە پێکهێنەرەکانی (خامرە،٢٠٠٧: ص ٦٣ ) و ئەم ئاستە بەرزە لە ئامانجی سیاسەتی ژینگەیی پێی دەوترێت گەشە پێدانی بەردەوام " Sustainable Development " .

جێگەی سەرنجە لە سەر ئاستی گشتی و شێوازی کارکردن لە بواری پاراستنی هاوسەنگی ژینگەیی کە ئامانجێکی بنەڕەتی سیاسەتی ژینگەیە ، ئەم ئامانجە زیاتر لە ڕێگەی بوونی وەزارەتێکی تایبەت بە ژینگەوە دەکرێت واتە " وەزارەتی ژینگە" ، کە ئەم وەزارەتە لە دەسەلآتەکانیدا دەکەوێتە سەرووی هەمو وەزارەتەکانی دیکەوە بە حوکمی ئەوەی وەزارەتێکی ڕاوێژکارییە و هەمو وەزارەتەکان دەبێت ڕاوێژ بەو بکەن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان ،بۆ نموونە : وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە گرێبەستەکانیدا ، وەزارەتی بازرگانی لە هاوردەکردنی کەل و پەلداو وەزارەتی پیشەسازی لە دامەزراندنی کارگەکاندا ... هتد ، واتە کۆی ئەم چالاکیانە دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی تێکنەچوونی کواڵتی ژینگەییدا بەڕێوە بچن ، بەلآم ئەوەی جێگەی داخە لە سەر ئاستی عێراق بە ناوی پرۆژەی چاکسازی سەرۆك وەزیران " عەبادی " لە ساڵی "٢٠١٥"دا وەزارەتی ژینگە هەڵوەشاندەوەو کردیە پاشکۆی وەزارەتی تەندروستی ، لە هەرێمی کوردستانیش وەزارەتی ژینگە لە وەزارەتێکی سەربەخۆوە هەڵوەشێندرایەوەو

کرایە دەستەی چاکردن و پاراستنی ژینگە لە ساڵی "٢٠١٠ " دا ( ئەمین ، ٢٠١٦/٢/٢٣ : چاوپێکەوتن )، ئەمەش لە سەر ئاستی ناوخۆ وا دەکات ئەو رۆڵە راوێژکاریە نەمێنێت و وەزارەتەکان جیا لە یەکدی بێ بوونی پلانێکی تەواو کارو گشتگیر کارەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن ،لە ئاستی جیهانیش وادەکات کە حکومەتی هەرێمی هەرێم لە ئاستی بالأیدا نوێنەرێکی ژینگەیی نەبێت بەشداری کۆڕو کۆنفرانس و لوتکە جیهانییەکی ژینگە بکات ، بێگومان ئەمەش بە زیان دەشکێتەوەو وا دەکات هەرێمی کوردستان نەتوانێت وەك پێویست هاوتەریب بڕوات لە گەڵ ئەو رێکارانەی کە لە سەر ئاستی جیهانیدا دەگیرێنەبەر بۆ کەم کردنەوەی ئاستەکانی پیس بوون و سود لە کۆمەکە نێو نەتەوەییەکان وەرناگرێت بۆ چاکردنی ژینگەکەی .

شایەنی باسە بۆ مسۆگەرکردنی هاوسەنگی ژینگەیی و دووربوونی ژینگە لە پیس بوون، پێویستە چەند رێو شوێنێك بگیرێتە بەر ، گرنگترینیان ئەمانەن : –

أ– هاوسەنگی راگرتن لە نێوان گرنگیدان بە شار وگوندو سروشتی کوردستان :

شار هەڵگری جۆرێك لە دابرانی کۆمەڵایەتییە، یەکەی سەرەکی ناو شار تاکە کەسە ، لە کاتێکدا یەکەی سەرکی گوند گروپە ، شار شوێنی درووست بوونی خودی تاکەکەسی و گوند شوێنی مانەوەی پەیوەندیە دەستە جەمیەکانە، سایکۆلۆژیای گوند سایکۆلۆژیای پێکەوە بوونە لە کاتێکدا سایکۆلۆژیای شار سایکۆلۆژیای تەنهایی و پێکەوە نەبوونە ، ئیستاتیکای گوند ئیستاتیکایەکی سروشتی و سادەیە ، ئیستاتیکای شار ئیستاتیکای ئاڵۆزی و قەرەباڵغی و گەورەییە (قانیع،٢٠١٣:ل ١٩٨ )، ئەم گەورەبوونەی شاریش بە سروشتی خۆی لە سەر حسابی رووبەرە سەوزاییەکانی قەراغ شارەکان دروست دەبن ، واتە سروشتی شار بۆ سەر ناوچە کشتو کاڵی و سەوزاییەکان سروشتێکی دەستدرێژیکارانەیە ، هەر فراوان بونێکی شار سەر دەکێشێت بۆ بەرتەسك بوونەوەی رووبەری سەوزایی ،هاوکات شار بە حوکمی بوونی بەرژەوەندی جۆراو و جۆر وا دەکات ببێتە سەنتەری کێش کردنی گوند نشینەکان بۆی ، گەر بێت و حکومەت سیاسەتێکی ژینگەیی تۆکمەی هەمەلایەنەی نەبێت، ئەوا ناتوانێت رێگە لە کۆچی بە لێشاوی گوندنشینەکان بۆ ناو شارەکان بگرێت ، وە ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان بە زەقی دیارە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەهۆکاری سەربازی و سیاسی و بوونی شەڕی پارتیزانی ژمارەیەکی بەرچاو لە گوندەکانی سەر سنورەکان راگوێزران و لە زێدی خۆیان دوور خرانەوە .

دەکرێ بڵێین بۆ ئەوەی شارەکان بەشێوەیەکی کاریگەر کار نەکەنە سەر تێکچوونی دیمۆگرافیای گوندەکان، ئەوا دەتوانن پەیوەندی خۆشیان لە گەڵ گوندەکانی دراوسێدا پتەو بکەن ، بەوەی ناوچەیەك تەرخان بکەن وەك بازاڕ بۆ جوتیارەکان ، ئەو بازاڕانەی کە لە ناوچە چۆڵەکاندا دروست بوون ، بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ میوەو سەوزەی شارەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین ، ئەم جۆرە بازاڕانە وا لە جوتیارەکان دەکات کە راستەوخۆ بەروم بوومەکانیان بە بەکاربەران بفرۆشن و بازنەی کڕیارەکانیان فراوانتر بکەن و ئەو قازانجەش لە چنگ بازرگانە هەلپەرستەکان دەربهێنن ، هاوکات دەست کورتەکانی دانیشتوی شارەکانیش دەتوانن بە هەرزان ئەو میوەو سەوزە تازانە لە جوتیارەکان بکڕن (لاو،٢٠٠٤:ل ٦٦) ، گەر تێبینی بکەین لە هیچ یەکێك لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەم ناوچانە تەرخان نەکراون بۆ خەڵکی گوندەکان ، بەڵکو لە لایەن هاوشاریەکانەوە ئەم بازاڕانە تەڕەبار "عەلوە " بەڕێوەدەبرێن و بەرو بوومی کشت وکاڵی لە هەندێك باردا پارەیەکی زۆر کەم دەکات، ئەمەش وا لە جوتیار دەکات نەتوانێت بۆ دابینکردنی ژیانی پشت بە بەرهەمی کشت و کاڵی ببەستێت سەرئەنجام رودەکاتە کارو پیشەی تر ، دەبینین بەشێکی زۆری گەنجانی گوندەکان دەبنە پێشمەرگە یاخود پۆلیس یان هەر

پیشەیەکی حکومی تر ، ئەمەش وای کردووە گوندەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو جۆرێك لە چۆڵ بوون بچن ، لە ئەنجامی نەژیاندنەوەو گرنگی نەدان بە کەرتی کشت و کاڵی و کەمی خزمەتگوزاری پێویست لە گوندەکاندا .

هەڵبەتە بۆ ئاوەدانکردنەوەی سروشت و گوندەکانی هەرێمی کوردستان و پاراستنی جۆری باڵندەو ئاژەڵە کێوییەکان ،بە هۆی ئەوەی رەگەزێکی گرنگی سیاسەتی ژینگەیی بریتییە لە بایەخدان بە زیندە هەمەچەشنی " Bio Diversity " بە تیبەتی بۆ ئەو جۆرە زیندەوەرو رووەکانەی کە مەترسی نەمان و قرپبونیان لە سەرە ، لەم روانگەیەوە حکومەتی هەرێم پێویستی بەوە هەیە کە لیستێك ئامادەبکات بۆ ناوی ئەو گیاندارو باڵندانەی کە لە بەردەم هەڕەشەی لە ناوچوودان ، راوکردنیان قەدەغە بکات ، هەروەکو ئێستا راوکردنی ئاسکە کێوی و کەو قەدەغە کراوە بە پێی رێنمایی ژمارە "١" ی ساڵی "٢٠١٥" ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم ، یاخود لە نموونەی قەدەغەکردنی راوی ماسی لە هەندێك وەرزی وەرزی ساڵدا ، ئەمانە هەمووی لە نموونەی کاری باشی حکومەتن کە خزمەت بە پرسە ژینگەییەکان دەکەن ، بەڵام جێبەجێکردنیان لە ئاستی پێویستدا نین و رێنماییەکانیش کەم و کورتی زۆری تێدایە ، هاوکات تاکو ئێستا رۆپێوێکی گشتی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە بۆ روپێوکردنی ئەو باڵندەو گیاندارانەی کە لە ناو سروشتی هەرێمی کوردستان دەژین و لە بەردەم مەترسی لە ناو چووندان ( مەعروف ،٢٠١٦/٢/٢٤ : چاوپێکەوتن).

**ب. وابەستە کردنی یاساکانی وەبەرهێنان بە یاساکانی پاراستنی ژینگەوە :**

ئەمەش لانی کەمی پێویستی بە راگرتنی هاوسەنگی هەیە لە نێوان یاساکانی پاراستنی ژینگەو یاساکانی وەبەرهێناندا ، واتە لە قەبارەدانی چالاکییە ئابوورییەکان بەرمەبنای بەها ژینگەییەکان، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی تێبینی کراوەو دەکرێت ، یاساکانی وەبەرهێنان زاڵن بە بەسەر یاساکانی پاراستنی ژینگەدا ، پیادەکردنی وەبەرهێنان بە تایبەت لە بواری نیشتەجێکردندا زۆر بێرەحمانە کاری لە سەر فراوانکردنی ئاسۆیی شارەکان کردوەو ئیستاتیکای سروشتی دەورو بەری شارەکانی تا ئاستێکی مەترسیدار شێواندووەو بەردەوام ژمارەی خانووە بێ تاپۆو بێ خزمەتگوزارییەکان لە هەڵکشاندا بوون، کە هاوکات قەراغی شارەکانیش بوونەتە مەڵبەندی زبڵ و خۆڵ و خاشاك ،لە گەڵ ئەوەی شارەکان لە رووی شاقوڵیشەوە گەشەیان سەندووە ، بەڵام ئەوەی گرنگە تاکو ئێستا پێشکەوتن لە هەرێمی کوردستان لە سەر حسابی ژینگە بووە .

یەکێك لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی سەرمایەدارانی وڵاتی ئێمە ئەوەیە کە تێگەیشتنیان بۆ سەرمایە، تەنیا لە ئاستە ئابووریەکەیدا قەتیس ماوە ، کە دەتوانن بە پارە کەل و پەل بکڕن و بە قازانج بیفرۆشنەوە ، واتە بێ خەبەرن لەوەی چۆن سەرمایەی مادی بکەنە سەرمایەی رەمزی و کەلتوری ( سیوەیلی ،٢٠١٠:ل٣٣٦) ، دیارە سروشت هەمیشە سەرچاوەی جوانی و هونەر بووە ، لەم رووەوە گەر سەیری پرۆژەکانی وەبەرهێنان بکەین ، دەبینین کە نارێکیەکی زۆری تێدایەو دروست کردنی ئاپارتمانە بەرزەکان لە بناری شاخەکاندا جوانی چیاکانی کوشتوەو شاردویەتییەوە، لە کاتێکدا بناری چیاکان بە نموونە وەك شاخی "گۆیژە " لە شاری سلێمانی سەرچاوەی ئیلهام جوانی و شیعری شاعیرەکان بوون، ئەمڕۆ ئەو سروشتە تێکدراوەو ئەو پێوەندیەش بەسروشتەوە بە دروستکردنی ئاپارتمانی بەرز دابڕکراوە و چیمەنتۆ و ئاسن و ئیسفاڵت " قیر" رەنگی شاریان داپۆشیوە .

شایەنی باسە دوو بواری سەرەکی هەن کە ژینگەی هەرێمیان خستۆتە بەر مەترسی پیس بوون ، ئەوانیش بواری بونیاد نانی کارگەکانی چیمەنتۆو خشتن لە گەڵ دۆزینەوەی کێڵگە نەوتییەکان و بونیاد نانی پاڵاوگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان ، کە بەشێکی بەرچاوی ئەم پاڵاوگانە رەچاوی پێوەرە ژینگەییەکانی پیس بوون

ناكەن و پاڵاوگەی ناپاسایین ، هاوكات حكومەتیش لێپێچینەوەی یاساییان لە گەڵ نەكردوون وەك پێویست ، لە گەڵ ئەوەی پیس بوونی ژینگە بە بەرهەمە نەوتییەكان یەكێكە لە مەترسیدارترین جۆرەكانی پیس بوون لە سەر ئاستی ئاو هەواو خاك ( قاسم،٢٠٠٧:ص١٣٥)، سەرەڕای ئەوەی ئەم كۆمپانیا نەوتییانە سروشتی خاكی هەرێمی كوردستانیان شێواندەوە، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە بەشێكی بەرچاوی پیس بوونی ژینگە لە ئەنجامی خراپی و ناتەواوی پلانەكانی گەشە سەندنەوە سەر هەڵدەدەن ( الحفار،١٩٨٥:ص١٤٥ ) . كە تیایاندا رەچاوی یاساكانی پاراستنی ژینگە ناكرێت ، ئەمەش دروست وەك ئەوە وایە كە لە پێناوی وەچنگ هێنانی بەری میوەیەك ، ئامادەبین درەختێك لە رەگو ریشە هەڵكەنین(مۆنتیسكۆ،٢٠٠٣ :ل٢٩) .

جێگەی سەرنجە دەبوو حكومەتی هەرێمی كوردستان لانی كەم باجی ژینگەیی لە سەر كۆمپانیا پیشەسازییەكان و كۆمپیاكانی بواری نەوت دابنێت ، هاوكات پێویست بوو هەموو ئەو پارانەی كە لە كۆمپانیاكانی بواری نەوت وەك " شیرینی گرێبەستەكانی نەوت " ناو براون بكرێن بە " باجی ژینگەیی " و پارەكانیان بخرێنە خزمەت سەوزكردنی شارو گوندەكانی هەرێمی كوردستان چونكە شتێك نییە لە ئەرشیفی ئابووری جیهاندا بە ناوی شیرینی گرێبەست ، بەڵكو ئەوە باجی ژینگەییە ( ئەمین ،٢٠١٦/٢/٢٣:چاوپێكەوتن) ، گەر نەتوانین كاری كۆمپانیاكان رابگرین خۆ دەتوانین بۆ قەرەبووی زیانەكانیان باجی ژینگەیی وەربگرین ، واتە داواكاری گشتی لە توانایدا هەیە سزای كۆمپانیا ژینگە پیسكەرەكان بدات و لیستێك لە سەر تاوانە ژینگەییەكان ئامادەبكەن و لێپێچینەوەی یاسایی لە گەڵ كۆمپانیاكانی بواری وەبەرهێناندا بكەن ، گەر سەرنجێك لە ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی بدەین ، باس لەوەدەكات كە لە ساڵی "٢٠١٥ " دا "٧٤٣ " هاوڵاتی بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی ژینگەیی سزادراون لە نموونەی راوی ماسی و كەوو سوتاندنی پوش و پاوان ، كە ئەمە كارێكی باشە ، بەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێت لە سەر ئاستی كۆمپانیاو كارگەكان بە تایبەت لە بواری نەوت و پاڵاوگەكانی نەوت بەشێكیان ئامادە نین كە ئەو سزایانە بدەن (مەعروف،٢٠١٦/٢/٢٤: چاوپێكەوتن ).

ت : **پێوەرسازی :**

پێوەرسازی بە رەگەزێكی گرنگی راگرتنی هاوسەنگی ژینگەیی دێتە ئەژمار، بە هۆیەوەو لە رێگەی دانانی پێوەری ستاندارد بۆ ئاستی رێگەپێدراوی پیس بوون لە ژینگەدا ،دەكرێن رێگە لە هەرچی زیاتری پیس بوونی ژینگە بگیرێت ، شایانی باسە بۆ پێوەری سازی و لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی رێكخراوە نێو دەوڵەتییەكان بەردەوام لە هەوڵی بەرەو پێشبردنی ئەو پێوەرانەن بە جۆرێك كە لە گەڵ ژیانی ناوشارەكان بگونجێت و گرەنتی فەراهەم هێنانی تەندروستییەكی باشی هاوڵاتیان بكرێت ، جێگەی سەرنجە ئەم پێوەرانە كۆمەڵێك ئاستی جیاواز لە خۆ دەگرن ، لە گرنگترینیان :-

**یەكەم : پێوەری ئاستی پیس بوونی توخمە ژینگەییەكان:**

مەبەست لەتوخمە ژینگەییەكان ئاو و هەواو خاك و زیندە هەمەچەشنە، بوون و پیادەكردنی پێوەرەكانی پیس بوون لە سەر هەرسێ رەگەزەكە یارمەتی دەرێكی باشە بۆ پاكردنەوەی ژینگە لە رێگەی كار كردن بەم پێوەرانە ، لە گرنگترینیان :-

**A. پێوەرەكانی پیس بوونی هەوا :**

هەوا لە رێگەی بەكارهێنانی بەردەوامی لە لایەن مرۆڤ و گیاندارانەوە زۆرترین كاریگەری لە سەر رەوتی ژیانی تەندروستی مرۆڤ دادەنێت ، گەر مرۆڤ بتوانێت چەند رۆژێك بێ ئاو بژیت ، ئەوا ناتوانێت لە چەند خولەكێكی كەم

زياتر بیّ هەوا بژیت ، لێرەوە گرنگی دانانی پێوەرەکانی هەوا سەرچاوەدەگرێت ، واتە دانانی وێستگەی چاودێری و پێوانەی ئاستی پێکهاتە پیسکەرەکان و بەراوردکردنیان لە گەڵ ئاستە رێگە پێدراوەکانی پێوەری لۆکاڵی یاخود ستانداری نێودەوڵەتی ، بۆ ئەوەی ئاستی پیس ئەو شوێنانە دیاریکرێن لە کاتە جیاوازەکانی شەو رۆژدا ، بۆ نموونە پێوەری دیاریکردنی ئاستی دەرچوونی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ، ئەم پێوەرە بە تایبەت کاتی تازەکردنەوەی ساڵانەو پشکنینی ساڵانە پێویستی بەوە هەیە کە ئاکزۆزی ئۆمبێلەکان پشنکنیان بۆ بکرێت ، هەروەها دو کەڵکێشی کارگەکان ، واتە ئاستی رێگەپێدراوی پیس بوونی ژینگە لە لایەن کارگەکانەوەو ئەو رێگایانەی کە بەکاری دەهێنن لە دروست کردنی بەرهەمەکانیاندا ( بوجعدار،٢٠٠٩: ص ١٤)، کەواتە کارگەکان لە هەرێمی کوردستان بەردەوام پێویستیان بەوە هەیە کە لە لایەن دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستانەوە چاودێری بکرێن .

جێگەی سەرنجە لە گەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا ماوەی چەند ساڵێکە باس و خواز لە سەر دانانی ئەم پێوەرانە دەکرێت، بەڵام تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان زۆر بەکەمی ئەم پێوەرانە دانراون، بۆ نموونە لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی تەنها یەك پێوەری هەوا هەیە بۆ پێوانی ئاستی پیس بوونی هەوا لە ناوچەی بەردە قارەمان کە نزیکە لە کارگەکانی چیمەنتۆوە (مەعروف ، ٢٠١٦/٢/٢٤: چاوپێکەوتن )، لە گەڵ ئەوەی کە لە رووی تیۆرییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم روەوە کار بە پێوەرەکانی وەزارەتی ژینگەی کۆماری عێراقی فیدراڵ دەکات بە پێی ماددەی " ٣٨ / دووەم " لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگەی ژمارە "٢٧" ساڵی "٢٠٠٩ " تایبەت بە " ئاستە دیاریکراوەکانی دەرچووە نیشتمانییەکان بۆ کارو چالاکییەکان " ، ئەمەش وا دەکات ئاستەکانی پیس بوونی هەوا لە هەرێمی کوردستان دا نەزانین و بەدوادا چوونمان بۆی نەبێت ، ئەمە لە کاتێکدا لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان رۆژانە نزیکەی "٦ " ملیۆن لیتر بەنزین بۆ گواستنەوە بەکار دێت کە تاکو ئێستا کواڵتی ئەو بەنزینە لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەمە وێرای ئەوەی "٢ " پاڵاوگەی یاسایی و نزیکەی " ٢٠٠ " پاڵاوگەی نایاسایی بونیان هەبوو ، کە بە فشاری لایەنە پەیوەندیدارەکان نزیکەی "١٠٠ " پاڵاوگەیان داخراون ( جەودەت ، ٢٠١٦/٢/٢٢ : چاوپێکەوتن ) .

شایەنی باسە ئەنجامی توێژینەوەکەی " کریم، ٢٠١٤ : ص١٢٢ " دەریدەخات کە پیس بوونی هەوا لە هەرێمی کوردستاندا لە پلەی یەکەم دێت ، بەهۆی زێدەبوونی ژمارەی دانشتوان و زیاد بوونی پێداویستی هاوڵاتیان و پرۆژە جۆراو جۆرەکان و زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل و ئاگرکەوتنەوەو سوتانی پوش و پاوان بۆ نموونە تەنها لە ساڵی "٢٠١٥" بڕی " ١١١ " حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە هەبووە کە بە هۆیەوە " ٢٧١.٣٩٧ " دۆنم پوش پاوانی سوتاوە (ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ، ٢٠١٥ ) ، هاوکات حکومەتی هەرێم گرنگی ئەو تۆی بەگواستنەوەی گشتی نەداوە بۆ کەم کردنەوەی ئاستی پیسبوونی هەوا ، بۆ نموونە گرنگی دان و بڵاو کردنەوەی وشیاری گشتی لە سەر گرنگی تەکسی تەلەفۆنی بۆ ئەوەی ئۆمبێلەکان بە شێوەی بەردەوام بەسەر شەقامەکاندا هاتو چۆ نەکەن و سوتەمەنی زیاد لە پێویست بە هەدەر نەدەن ، پێویست دەکات کە تەکسی تەلەفۆنی هەبێت لە سەر ئاستی هەر گەڕەکێك وێستگەیەکی تەکسی هەبێت .هاوکات حکومەت کارێکی ئەو تۆی نەکردوە بۆ ئەوەی پاسەکان تەنها لە رۆژا کار نەکەن، بەڵکو بە شەویش کار بکەن ، هاوکات پاسی بەردەوام لە سەر شەقامە سەرەکییەکانی وەك :شەقامی سیی و شەستی و سەدییەکانی ناو شار بونیان هەبێت و ئەوەندە پێویست نەکات ئۆتۆمبێلی تایبەت بەکار بهێنرێت ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هیچ گرنگی بە ترانسپۆرتی بیّ دوکەڵ "وەك شەمەنەفەری کارەبایی " لە شارەکاندا نەدراوە .

**B. پێوەری پیس بوونی ئاو :**

بۆ ئەوەی ئاوی خواردنەوە پیس نەبێت ، بە شێوەیەکی بەردەوام پێویستی بەوە هەیە کە لە رووی شێوازی پاکردنەوەو ئەو مادەە کیمیاویانەی کە تیایاندا بەکار دەهێنرێت و تام و رەنگ و بۆنی ئاوو لایەنی کیمیاوی و تیشك دانەوەی بەهەند وەربگیرێت ، ئەوەی جێگەی سەرنجە بەردەوام ئاوی خواردنەوەی شارەکان بە تایبەت ئاوەکانی بیری ئێرتیوازی لە بەردەم هەڕەشەی پیسبووندان ، بەهۆی زۆربوونی دانشتوان و چالاکییە ئابووریەکان ، دەکرێت بڵێین لە گەڵ ئەوەی بەدوادا چوونی بەردەوام دەکرێت بۆ ئاستەکانی پیس بوونی ئاوی خواردنەوە ، بەڵام لە هەندێك شوێن و ناوچەدا ئاوی خواردنەوە دووچاری پیس بوون هاتوون ، بە بەڵگەی ئەوەی لە ساڵەکانی "٢٠٠٨" ەوە تاکو ئێستاش نەخۆشی کۆلێرا بلاو بوونەتەوە بە هۆی بوونی ئاوی پیسی خواردنەوە (W.H.O، ٢٠٠٤ :ص ٥-٧) . لە گەڵ ئەوەی تاقیگەکانی ئاوی خواردنەوە کار بە ستانداری عێراقی دەکەن ، بەڵام وەکو پێویست نین ( قادر ، ٢٠١٦/٢/٢٤ : چاوپێکەوتن ) ئەمەش رەنگە زیاتر بە هۆی تێکەڵبوونی ئاوی پاشەرۆ و زێرابی ماڵان و بەشێکی بەرچاوی چالاکییە پیشەسازی و نەوتی و کشت و کاڵیەکانەوە بێت ، کە راستەوخۆ تێکەڵ بە سەرچاوە ئاوییەکان دەبێت ، وەك بەنداوی دوکان و دەربەندیخان .

ئەوەی شایەنی باسە لە کۆی " ٥ " تاقیکردنەوە کە پێویستە بۆ ئاوی خواردنەوە بکرێت تاکو ئێستا تەنها " ٢ " تاقیکردنەوە لە تاقیگەکاندا بۆ ئاوی خواردنەوە دادەنرێت، کە بریتین لە تاقیکردنەوەی کیمیاوی و بەکتیری، ئەمەش وادەکات دانیشتوانی شار بە گومانەوە بڕواننە کواڵتی ئاوی خواردنەوەی ماڵان (کریم ،٢٠١٤ :ص ٤٣)، بە تایبەت لە وەرزی پایزدا کە ئاوی روبارو دەریاچەکان کەم دەکات ،بەئاسانی تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئاوی خواردنەوە رەنگی دەگۆڕێت، هاوکات تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان پشکنینی تیشکی بۆ ئاوی خواردنەوەی ماڵان نەکراوە ( قادر ، ٢٠١٦/٢/٢٤: چاوپێکەوتن ) .

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان پۆلیسێك نییە بە ناوی پۆلیسی سەوز Green police یاخود پۆلیسی ئاو ، تا کو لەو رێگەیەوە چاودێری پیس بوونی ئاوی کانی و روبارو دەریاچەکان بکرێت ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك یاسا هەن کە پارێزگاری لە ئاو دەکەن بە گشتی بۆ نموونە یاسای ژمارە "٦" ی ساڵی "١٩٦٦ " ، یاسای ژمارە " ١٣٨ " ی ساڵی "١٩٧١ " ، یاسای ژمارە " ٥٩ " ی ساڵی " ١٩٨٧ " بەڵام وەکو پێویست جێبەجێ ناکرێن (صالح و علی ،٢٠١٥ :ل٣) .

**C. پێوەری پیسبوونی خاك بە خۆڵ و خاشاك :**

پیس بوونی خاك بە پاشەڕۆ خۆڵ و خاشاك ، بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەڵکشاندانیە ، ئامارو داتاکانی شارەوانی سلێمانی باس لەوە دەکەن کە ساڵانە بڕی " ٤٣١٤٥٦" تەن لە ساڵی " ٢٠١٢" تەن تەنها لە شاری سلێمانی کۆکراوەتەوەو ئەم ژمارەیەش بەردەوام لە هەڵکشاندایە ، کە دەکاتە ١.٧ کگم /رۆژێك " بۆ هەر هاوڵاتییەك (رئاسە بلدیە السلیمانیە،٢٠١٢) .

گەر سەرنجێك لە ناو شارو شارۆچکەو سەیرانگاکان بدەین بە ئاسانی تێبینی پیس بوونی ژینگەی هەرێم دەکرێت کە لە ناو کۆڵان و سەر شەقام و شوێنەگشتییەکان و تەنیش شەقامەکان و سەیرانگاکان دیمەنی جوانی ئەو ناوچانەیان شێواندوەو ئیستاتیکای سروشتی جوانی کوردستانیان تێکداوە ،بە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام قەبارەی خۆل و خاشاك ،بە تایبەت لە سەر ئاستی شارەکان لە زیاد بووندان لە سەر حسابی زەویەکشت و کاڵییەکان ، ئەمەش چەندین کێشەی جۆراوی بۆ دانشتووانی قەراغی شارەکان دروست کردووەە ، بەو هۆیەوەی کە تاکو

ئێستاش بە شێوەیەکی کۆن ئەو خاشاکانە دەخرێنە ناو زەوییەو سەرئەنجام ئاوی ژێرزەوی دووچاری پیس بوون دەکەن ، هەڵبەتە لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم پیسبوونە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی وشیاری ژینگەیی و کەلتوری بەرخۆری و نەبوونی کارگەکانی ریساکلین و دووبارە بەرهەم هێنانەوە ، وێڕای هاتنی ژمارەیەکی بەرچاوی کۆچ بەران کە رەچاوی کەلتوری ژینگەیی هەرێمی کوردستان ناکەن ، هاوکات تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان پێوەری بەرهەم و ماددەو کالاّ بەکار هاتووەکان لەسەر بنچیەیی سستمی ئایزۆ بە پێی مواصەفاتی ستانداری جیهانی بە تایبەت لە بواری بازرگانی و بەرهەمە پیشەسازییەکان( قاسم،٢٠٠٧:ص ٢٤١) نییە ، واتە تا چەند ئەم بەرهەمانە زیان بە ژینگە دەگەیەنن بۆ نموونە : ماددە پاکژکەرەکان ، یان کیسی نایلۆنی رەش . پێوەری بەرهەم و کالاّکان ، سەرئەنجام کۆی ئەم بەرهەم کالاّیانە دەبنە هۆی دروستکردنی زیانی ژینگەیی ، ئەمە لە کاتێکدا لە هیچ یەکێك لە شارەکانی هەرێمدا کارگەی ریسایکلین بوونی نییە ، وێرای ئەوەی لە ساڵی "٢٠١٤ " ەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی کردووە لە گەڵ کۆمپانیای لاڤارجی فەرەنسی ،بۆ دوبارە ریساکلین کردنەوەی پاشەرۆکانی شاری سلێمانی و کۆمپانیای ناوبراو بۆ ئەمەبەستە کەل و پەل و ئامێری پێویستی ئامادەیە، بەلاّم حکومەتی هەرێمی کوردستان سالاّنە بۆ جیاکردنەوە، ریسایکلین کردنەوەی پاشەرۆی " ماددە کانزاییەکان ، شوشە ، ئەو مادەدانەی کە قابیلی سوتانن " لە سەر ئاستی شارەکانی هەرێمی کوردستان تەنها پێویستی بە خەرج کردنی نزیکەی " ٢٥ " ملیۆن دۆلار هەیە ( فرج ، ٢١/٢/ ٢٠١٦ : چاوپێکەوتن) .

**ئەنجامگیری :**

دوای ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیەو گەیشتن بە ئامانجەکانی ، لە کۆتاییدا بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە گەیشت :

١. سیاسەتی ژینگەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئاستێکی لاوازی لە خۆگرتووەو وەك بەشێکی دانەبڕاو لە پلانی گشت گیری گەشەپێدان، لە هەموو بوارەکانی مرۆیی و پیشەسازی و کشت و کاڵی و ئاوەندانکاری و گشت و گوزاری و... هتد سەیری ناکرێت .

٢. بوونی کەم و کورتی لەماددە یاسایی و رێنماییە ژینگەییەکان ، هەروەها پابەندنەبوونی رێژەیی بۆ ئەو رێنمایی و یاسایانەی کە لە کاردان بە تایبەت کۆمپانیاکانی بواری نەوت .

٣. نەبوونی پەیکەرێکی ئیداری ژینگەیی پێویست، وەك وەزارەتی ژینگە و نەبوونی دەسەلاّتی دادگەری ژینگەیی و کەمی بودجەی پێویست .

٤. هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم پیس بوونی هەوای هەیەو ، و بە پلەی دووەم پیس بوونی خاك بە پاشەرۆ لە پلەی سێیەمیشدا پیس بوونی خاکە بە پاشەرۆکان و تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان کارگەی ریساکلینکردنەوەی پاشە رۆکان وەك پێویست نین .

٥. تاکو ئێستا رۆپێوێکی گشتی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە بۆ روپێوکردنی ئەو باڵندەو گیاندارانەی کە لە ناو سروشتی هەرێمی کوردستان دەژین و لە بەردەم مەترسی لە ناو چووندان .

**راسپاردەو پێشنیارەدان**

١. گونجاوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە دەستەی چاکردن و پاراستنی ژینگە ، بکاتە وەزارتێکی سەربەخۆ، بە ناوی وەزارەتی ژینگە و رۆڵی سەردەستەو راوێژکاری ودادگەری ژینگەیی خۆی بۆ بگێرێتەوە.

٢. پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆی ژینگە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ، لە کەسانی شارەزاو راوێژکار بۆ بەدوادا چوونی پرۆژە یاساکانی ژینگەو هەموار کردنەوەی دەرچووەکان .

٣. دروست کردنی بانکی زانیاری ژینگەیی لە لایەن دەستەی چاکردن و پاراستنی ژینگە و ئەنجامدانی روپێوێکی گشتی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بۆ توخمە ژینگەییەکان و زانینی ئاستی پیسبوونی هەریەکێك لە توخمەکانی " ئاو ، هەوا ، خاك " .

٤. واباشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی دانانی باجی ژینگەییەوە کۆمپانیاکان بەرپرسیار بکات لە پاکردنەوەی ئەو ناوچەیەی کە لە ئەنجامی چالاکی کۆمپانیاو کارگەو پالاو گەکانەوە پیس دەبن .

٥. پێکهێنانی پۆلیسی ژینگەیی" Environmental Police " لە شارو شارۆچەکانی کوردستان لە لایەن خودی وەزارەتی ژینگەوە ، کە کاریان چادێری کردنی پیس بوونی هەواو خاك و سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە و دەستگیرکردنی سەرپێچیکاران بێت .

٦. تۆمارکردنی لیستێك بە ناوی ئەو باڵندەو گیاندارە وشکانی و ئاویانەی کە لە بەردەم هەڕەشەی لە ناوچووندان و پارێزگاری جۆری لێیان لە لایەن دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستانەوە و لێپێچینەوەی یاسایی لە سەرپێچیکاران .

٧. ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی لە سەر زیندە فرەچەشنی ، لە هەرێمی کوردستان ، لە لایەن دەزگا ئەکادیمییەکانەوە بۆ دوبارە پاراستن و زۆرکردنەوەی ئەو جۆرانەی لە بەردەم هەڕەشەی لە ناو چوندان.

٨. دانانی لیستی ناوی ئەو کانیاوو کارێزو سەرچاوانەی کە لە بەردەم هەڕەشەی لە ناوچووندان، بە تایبەت لە ناوو شارو شارۆچکەکاندا و کارکردن بۆ پاراستنیان لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە .

٩. گرنگی دانی زیاتر بە رووبەرو ناوچە سەوزاییەکانی ناو شار ، لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە و رێگە نەدان بە فراوانبوونی هەڕەمەکی شارەکان و گرنگی دان بە فراوان بوونی شارەکان لە رووی شاقوڵییەوە .

١٠. بە کەلتوریکردنی بابەتە ژینگەییەکان لە رێگەی پەروەردەو پێگەیاندنی خێزانی و قوتابخانەو زانکۆکانەوە.

١١. بە کەلتوری کردنی پیادەڕەوی لە جموجوڵی هاوڵاتیانداو جیا کردنەوەی هەندێك شەقامی تایبەت بە پیادەڕەوی لە لایەن شارەوانی شارەکانی هەرێمی کوردستانەوە .

١٢. گرنگی دانی زیاتر بە گواستنەوەی گشتی و ئاکتیڤ کردنیان لە شەودا هاوشێوەی رۆژ لە لایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنەوە .

١٣. گرنگی دانی زیاتر بە مەسەلەی free cycle بە واتای کردنەوەی سایتی تایبەت بۆ هەمو ئەو شتانەی کە ماڵەکانماندا هەن و پێویستمان نین ، دەکرێت کەسانی دی سودی لی وەربگرن و فڕێ نەدرێن .

## سەرچاوەكان

**یەکەم : سەرچاوە كوردییەكان :**


١. ئاماری بلاوكراوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ، ٢٠١٥ .

٢. ریچ ،كلاودیوس جەیمس .(٢٠١٢).گەشتنامەی ریچ بۆ كوردستان ، و، محمد حمە باقی ، بەرگی یەكەم ،سلێمانی، خانەی وەرگێران .

٣. سیوەیلی ، رێبوار .(٢٠٠٨). نەتەوەو حەكایەت ، ب٢ ، سلێمانی ،یانەی قەڵەم .

٤. سیوەیلی ، رێبوار (٢٠١٠). پییەر بۆردیۆ و كۆمەڵناسی فەلسەفی ، ،هەولێر، دەزگای توێژینەوەو بلاو كردنەوەی موكریانی.

٥. سیوەیلی ،رێبوار. (٢٠١١). كتێبی ستایشەكان، ،سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٦. صالح و علی، شیلان عزیز ،راژان ئاسۆ(٢٠٠١٥).رێبەری یاساكانی ژینگە لە هەرێمی كوردستان – عێراق ،ب،ش ، ٢٠١٥ .

٧. قانیع، مەریوان وریا (٢٠١٢). لە چ ئێستایەكدا دەژین ، سلێمانی ، ناوەندی رۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە.

٨. قانیع ،مەریوان وریا (٢٠١٢ ).شوناس و ئالۆزی، سلێمانی ، ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوكردنەوە.

٩. قانیع ،مەریوان وریا (٢٠١٣) . فیكرو دونیا ، بەرگی دووەم ، سلێمانی ، ئەندێشە بۆ چاپ و بلاو كردنەوە .

١٠. فیشەر–تاهیر، ئەندریا .(٢٠١١).پیاوانی ئازا،ژنانی جوان،و، ئاوات ئەحمەد ، سلێمانی ،چاپخانەی كۆمپانیای ئاوێنە.

١١. لاو ، مارسیا (٢٠٠٤). پلانرێژی شارەكان ورەهەندە ژینگەیی و مرۆییەكانی ، و ، د. جەزا توفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد ، سلێمانی ، شارەوانی سلێمانی .

١٢. مۆنتیسكۆ.(٢٠٠٣). رۆحی یاساكان،و،ئیدریس شێخ شەرەفی، ، چ ٣ ،هەولێر، دەزگای وەرگێران.


**دووەم : سەرچاوە عەرەبییەكان :**


١٣. إبراهیم، زكریا .(١٩٦٧). مشكلە الآنسان ، گ٢، القاهرە ، مكتبە مصر للگباعە .

١٤. بابكر، مصگفی ( ٢٠٠٤ ) . السیاسات البیئیە، مجلە السیاسات البیئیە ، ، سلسلە دوریە ،العدد ٢٥ ، كانون الپانی ، الكویت.

١٥. .رئاسە بلدیە السلیمانیە.(٢٠١٢). أوراق عمل بلدیە السلیمانیە، السلیمانیە ، بیانات رسمیە غیر منشورە.

١٦. حبیب ، زینب منصور . ( ٢٠١١) .المعجم البیئی، عمان ، دار أسامە للنشر و التوزیع.

١٧. الحفار، سعید محمد (١٩٨٥). نحو بیئە افچل، مفاهیم –قچایا–استراتیجیات، الدوحە ،دار الپقافە.

١٨. خامرە ، الگاهر.( ٢٠٠٧ ). المسؤولیە البیئیە و الآجتماعیە مدخل لمساهمە المؤسسە الآقتصادیە فی تحقیق التنمیە المستدامە " حالە سوناگرك " ،جامعە قاصدی مرباح ، ماجستیر فی العلوم الآقتصادیە ،قسم الاقتصاد و تیسیر البیئە .

١٩. خالد ، بوجعدار .(٢٠٠٩). السیاسات البیئیە و قیاس أچرار التلوپ الناتج عن صناعە الآسمنت ، مجلە العلوم الآنسانیە ، بحوپ إقتصادیە ،العدد ٣١ .

٢٠. الشپری، ناصر بن محمد .(٢٠١٠ ). السیاسه الجنائیه فی مواجه الجرائم البیئیه فی المملکه العربیه السعودیه ،الریاچ، جامعه نایف العربیه للعلوم الٱمنیه ، اگروحه الدکتوراه فلسفه فی العلوم الٱمنیه .

٢١. قاسم، خالد مصگفی .(٢٠٠٧). إداره البیئه و التنمیه المستدامه فی ڤل العولمه المعاصره ، الاسکندریه، الدار الجامعیه .

٢٢. کریم، لقمان صالح.(٢٠١٤). *مڤاهر التلوپ البیئی و انعکاساتها علی مجتمع المدینه* ،أگروحه دکتوراه غیر منشوره ، کلیه العلوم الانسانیه ، إقلیم کوردستان العراق ، جامعه السلیمانیه، السلیمانیه.

٢٣. .W.H.O. (٢٠٠٤ ). *دلائل جوده میاه الشرب* : المجلد ١، گ٣، جنیف.

**سێیەم : سەرچاوەی ئینگلیزی :**

٢٤ . J, Mc Cormick (٢٠٠١) .Environmental Policy in the European Union . The European seriecs . palgrave Macmillan .

**چوارەم : ئامار :**

٢٥. ئاماری بلاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی "٢٠١٥ "

**پێنجەم : چاوپێکەوتنەکان :**

٢٦. ئەمین ، دارا محمد ، (٢٠١٦/٢/٢٣) ، وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤–٢٠٠٨ )، سلێمانی

٢٧. جەودەت ، شێرکۆ ، (٢/٢٢/ ٢٠١٦) ، سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان .

٢٨. فرج ، هەردی محمد حمه (٢٠١٦/٢/٢١ ) ، بەڕێوەبەری بەشی ژمێریاری کارگەی چیمەنتۆی بازیان / کۆمپانیای لاڤارج .

٢٩. قادر ، مەریوان (٢٠١٦/٢/٢٤) ، سلێمانی ، بەرپرسی تاقیکەی فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی .

٣٠. مەعروف ، شوان ( ٢٠١٦/٢/٢٤ ) ، سلێمانی ، بەرپرسی بەشی وشیاری ژینگەیی ، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی .

ملخص البحث

السياسة البيئية في إطار برنامج وعمل حكومة إقليم كردستان/ جمهورية العراق الاتحادية

بحث تحليلي

يسعى هذا البحث ان يضع تساؤلا حول السياسة البيئية لحكومة إقليم كردستان وان يقيَم اعمالها وانشطتها تقييما موضوعيا بهدف معرفة اهم الاسباب الكامنة وراء تلوث البيئة، كذلك الاسباب التي اعاقت تنفيذ السياسة البيئية بشكل مطلوب، لذلك تم استخدام الاسلوب التحليلي و المنهج التاريخي، كما وتمت الإفادة من وسائل اخرى كالملاحظة واجراء اللقاءات من اجل جمع المعلومات.

لقد لخصنا اهم الاستنتاجات على النحو الاتي:-

١- ان السياسة البيئية في حكحومة اقليم كردستان لها مستوى متدني، اذ لاينظر اليها كجزء غير متقطع من خطة التنمية الشاملة في الميادين الانسانية والصناعية والزراعية والاعمار والسياحة.

٢- وجود عدة نواقص في المواد القانونية والارشادات البيئية، كذلك عدم الالتزام النسبي للارشادات و القوانين التي قيد التنفيذ، وبصورة خاصة نذكر شركات النفط.

٣- عدم وجود هيكل اداري بيئي مناسب، على سبيل المثال عدم وجود وزارة خاصة للبيئة، وعدم وجود سلطة قضائية بيئية، وقلة الميزانية.

٤- ثمة في اقليم كردستان تلوث هوائي بشكل واضح، ويأتي تلوث المياه من الدرجة الثانية، وتلوث الارض بالنفايات من الدرجة الثالثة، اذ لاتوجد في اقليم كردستان مصانع لإعادة تدوير النفايات بالمستوى المطلوب.

٥- لم تجر لحد الان عملية مسح عام على مستوى اقليم كردستان لمسح جميع الطيور والحيوانات التي تعيش داخل طبيعة اقليم كردستان والمعرضة للابادة او الانقراض.

تحت ضوء هذه الاستنتاجات، وضع الباحث مجموعة من التوصيات والاقتراحات من اجل العثور على حلول للظروف البيئي في إقليم كردستان.

**Research Summary:**

The Environmental Policy in the Framework of KRG's project Planning The Federal Republic of Iraqi

**An Analytical Research**

This research is investigating the KRG's Environmental policy in an objective evaluation way for its activity planning and completed projects. The aims are to explore the important sources and factors of environmental pollution and to explore the reasons behind the insufficiency of practicing the environmental policy in the KRI. For this purpose, the analytical and historical methods have been implemented. In addition, tools of observation and interview have been used for collecting data.

Some of the significant results are:

١. The environmental policy in the KRG is in a poor volume, it has not considered as an attached plan of general development, in all humanitarian, industrial, agricultural, reconstruction and tourism sectors.

٢. Lack of accuracy in the legislations and environmental guidelines. In addition, the lack of relative commitment for the guidelines and laws by the oil companies.

٣. Lack of a sufficient administrative structure, as ministry of environment. Also, the lack of the environmental court authority with the shortage of budget.

٤. The KRI, is primarily suffering from air pollution, secondly the water pollution and in the third place it is suffering from earth pollution with leftovers and garbage. In addition, the KRI doesn't have enough recycling factories yet.

٥. The general survey for identifying birds and other animals in the KRI nature that are facing the danger of extinction.

Based on the results, the researcher is suggesting some suggestions and recommendations for the solution for the environmental cause of the Kurdistan regional of Iraq.